ڕێژەی منداڵبوون بە نەشتەرگەری بەراورد بە ساڵی رابردوو زیادیکردوە

نەخۆشخانەی منداڵبوونی هەولێر ئاشکرای دەکات: ڕێژەی منداڵبوون بە نەشتەرگەری بەراورد بە ساڵی رابردوو زیادیکردوە، ئەوەش بە چەند هەکارێک دەگەڕێنرێتەوە.

ڕۆژی سێشەممە 14ـی کانونی دووەمی 2025, نەخۆشخانەی ژنان و منداڵبوونی هەولێر، ئاماری لەدایکبوونی ساڵی رابردوو 2024 بڵاوکردەوە و بەپێی ئامارەکە لەماوەی ساڵی 2024، شازدە هەزار و 971 منداڵ لە نەخۆشخانەکە لەدایکبوون، لەو ژمارەیە 36%یان بە نەشتەرگەری بوون.

ڕوونیشیکردەوە: بە لێژنە بەیاری نەشتەرگەریی منداڵبوون دەدەین و بەشێکی زۆری ئەوانەشی بەیان دەکەین، منداڵی یەکەمیان بە نەشتەرگەری بووە، بەیە بە ناچاری بە منداڵبوونەکانی تریان نەشتەرگەرییان بە ئەنجامدەدەین.